# هەڵبژاردنێك بەبێ سەدر!

14-08-2023

**نووسەرەکان**

د. یاسین تەها

**کورتە** : ئەم هەڵبژاردنە درەنگ وەختە کە تەنیا 15 پارێزگای نێوەڕاست و باشوور دەگرێتەوە، یەکێکە لەو وێستگانەی ئێستا گرنگی زۆری هەیە چ بۆ دەرخستنی نەخشەی هێز لە شەقامی سیاسی عێراق و، چ بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لەپاش خۆپیشاندانەکانی 2019 (تشرین) بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنە نێوخۆییەکان درووست بوو بەهۆی کۆتاییهاتنی وادەی یاسایی و تۆمەتبارکردنیان بە گەندەڵی. لە پاش پێکهێنانی حکومەتی چوارچێوەی هاوئاهەنگیشەوە، ئەم هەڵبژاردنە راپرسییەکی جەماوەری دەبێت لەبارەی پێگەی ئەو بەرە شیعییەی ئێستا بەتەنیا لە حوکمڕانیدایە. لەناو ئەو بەرەیەشدا سەنگ و قەبارەی جەمسەرە ناکۆکەکان دەردەخات لە بەرامبەر یەکتر دا.

پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە 10 ساڵ بەسەر دوا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، حکومەتی سوودانی خۆی پابەند کردووە بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکان لە 18ی کانوونی یەکەمی 2023، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی کارنامەی کابینەکەی کە لە تشرینی یەکەمی 2022 دا لە پەرلەمان پەسەند کرا و، بەپێی [ڕاگەیەنراوەکانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن] تاوەکو ئێستاش 294 حیزب و 31 هاوپەیمانی کە 21 یان یەکەمجارە تۆمار بکرێن، ئامادەیی بەشداریکردنیان دەربڕیوە، هەروەها 65 حیزبی دیکەش لە هەوڵی مۆڵەت وەرگرتندان بۆ بەشداریکردن.

ئەم هەڵبژاردنە درەنگ وەختە کە تەنیا 15 پارێزگای نێوەڕاست و باشوور دەگرێتەوە، یەکێکە لەو وێستگانەی ئێستا گرنگی زۆری هەیە چ بۆ دەرخستنی نەخشەی هێز لە شەقامی سیاسی عێراق و، چ بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لەپاش خۆپیشاندانەکانی 2019 (تشرین) بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنە نێوخۆییەکان درووست بوو بەهۆی کۆتاییهاتنی وادەی یاسایی و تۆمەتبارکردنیان بە گەندەڵی. لە پاش پێکهێنانی حکومەتی چوارچێوەی هاوئاهەنگیشەوە، ئەم هەڵبژاردنە ڕاپرسییەکی جەماوەری دەبێت لەبارەی پێگەی ئەو بەرە شیعییەی ئێستا بەتەنیا لە حوکمڕانیدایە. لەناو ئەو بەرەیەشدا سەنگ و قەبارەی جەمسەرە ناکۆکەکان دەردەخات لە بەرامبەر  یەکتر دا.

[بڕیاری چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعە ئەوەیە] بە لیستی جیاجیا بچنە ناو پرۆسەکە ([جگە لە کەرکوک])، بەگوێرەی زانیارییە بەردەستەکانی کۆمیسیۆنیش نزیکەی 4 لیستی سەرەکی لە چوارچێوەی شیعییەوە تۆمار کراون کە جەمسەرە سەرەکییەکانیان، لیستی مالیکی و حەکیم و عامری و خەزعەلییە، پاساوەکانی ئەم پەرتەوازەییەش لەسەر ئاستە فەرمییەکە بە ڕێککاری هونەری دیاریکراوە، گوایە دەبێتە هاندەری بەشداری و کێبەڕکێی زیاتر دروست دەکات و، ئەوانیش دواتر هاوپەیمانێتی رادەگەیەنن، بەڵام ناکرێت ئەوە نادیدە بگیرێت کە ئەم فرە لیستییەی چوارچێوەکە راستییەك دووپات دەکاتەوە کە ئەم بەرەیە ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا یەکگرتووە، بەڵام ناتوانن ئەوە تێپەڕێنن کە ئەوان گردبوونەوەیەکی ناچاری و کاتی بوون بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانی هەڵکشانی سەدر، لە ماوەی ئەم ساڵەشدا نەیانتوانی ساز و ئامادەبن  بۆ ئەوەی فۆرمە بەرەییەکەیان بگۆڕن بۆ هاوپەیمانییەکی تۆکمەی ئەوتۆ کە فرە ئاوازی و فرە ئاراستەیی پێوە دیار نەبێت.

ڕەوتەکەی محەمەد شیاع سوودانی (تیار الفراتین) کە دوو کورسی هێنا لە پەرلەمان (2021) [خۆی یەکلایی کردووەتەوە] کە بەشداری هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکەی پارێزگاکان ناکات، هەرچەندە سەرۆکوەزیرانەکانی پێشتریش(مستەفا کازمی و عادل عەبدولمەهدی) هەر هەمان شتیان کردووە، بەڵام ئاماژەکان بۆ ئەم دۆخەی سوودانی زیاتر بەلای ئەوەدان کە ئەم خۆ دوورگرتنە لە هەڵبژاردن، لەژێر گوشاری لایەنە شیعەکاندایە چونکە ئەوان ئاسوودە نین بەوەی کە سەرۆکوەزیران کە بودجەی سێ ساڵەی لەبەردەستە (2023، 2024، 2025)، هەروەها چاوی میدیای نێوخۆ و دەرەوەی لەسەرە، رکابەرییان بکات و لیستی تایبەت بەخۆی هەبێت. ئەم هەنگاوەی سوودانی دەکرێت وەهاش بخوێنرێتەوە کە خۆ پارێزییە لە ئەگەری شکست لە هەڵبژاردن یان بەدەستهێنانی ئەنجامێکی لاواز و نا بەدڵ، بەوپێیەی کە ڕەوتەکەی جەماوەری نییە، بەمەش پارێزگاری لە چانسی خۆ پاڵاوتنەوە دەکات بۆ خوولی داهاتووی سەرۆکایەتی وەزیران.

لە پاش یەکلایی بوونەوەی بڕیاری سوودانی ئێستا گرێی گەورە و پرسیاری سەرەکی هەڵبژاردن، شێوازی بەشداری سەدرییەکانە، پاش ئەوەی لە حوزەیرانی 2022 لە پەرلەمان کشانەوە و گۆڕەپانیان چۆڵکرد بۆ رکابەرەکانیان. لە رووی کرداری و مەیدانییەوە تائێستا هیچ ئامادەکاری و کاردانەوەیەکی سەدری لەگەڵ ڕێوشوێنەکانی هەڵبژاردن نییە. شتێکی روونیشە کە لەم ڕەوتە ناوەندگەرایەدا بڕیاری بەشداری و بایکۆتکردن تەنیا و تەنیا لە دەستی موقتەدا سەدری رێبەر و سەرۆکی تەوژمەکەدایە، ئەوەش کە ئەو لەم چەند مانگ و هەفتەی دواییدا، بەلایدا نەچووە و ناچێت، پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردنە و تەنانەت بە ئاماژەش بێت باسی لە حکومەت و پەرلەمان و هەڵبژاردن و هەڵوێست لە حکومەت نەکردووە و هەندێك دەنگۆش باس لەوە دەکەن رێگەی بە یاریدەدەرەکانی نەداوە ئەو باسەی لەگەڵدا بکەن.

ئەوانەی هاوپەیمانی پێشووی سەدر بوون (چەپ و مەدەنییەکان) پاش ئەزموونێکی ناسەرکەوتوو، دەستیان شۆردووە لەوەی چاوەڕێی سەدر بکەن، ئەوانەشی لە هەڵکشانی چوارچێوەی شیعە نیگەرانن، پێیانوایە بەشدارینەکردنی سەدر "هەڵەیەکی گەورە" یە، بەو پێیەی لەلایەك دەبێتەهۆی بەهێزکردن و پاس دانی زیاتر بە رکابەرەکانی پاش ئەوەی لە پەرلەمان ژمارەی کورسییەکانی ئەوانی کردە 130 کورسی. لەلاکەی دیکەش بێهێزبوونی زیاتری ڕەوتەکەی لێدەکەوێتەوە و بنکە جەماوەرییەکانیشی تامەزرۆی گەڕانەوەن بۆ بەشداری سیاسی. هەروەها [باوەڕێکی زاڵ هەیە] کە ئەنجومەنی پارێزگاکان سەرباری هەوڵەکانی بچووککردنەوەی ڕۆڵ و کاریگەرییان، هێشتا ئەڵقەیەکی گرنگی حوکمڕانین و خەرجکردنی بودجە و ئەنجامدانی پرۆژە و چاودێریکردنی پارێزگارەکانیان لەدەستدایە و فەرامۆشکردن و بایکۆتکردنیان لێکەوتەی خراپی لەسەر سەدر و کۆی پرۆسەی سیاسی و هاوسەنگی لە شەقامی شیعیدا دەبێت.

حکومەت سوورە لەسەر هەڵبژاردن لە کۆتایی ئەمساڵدا، کۆمیسیۆنیش بەردەوامە لە ئامادەکاریی، بەڵام سەرباری ئەمانە، هێشتا گومان هەیە پرۆسەکە لە وادەی دیاریکراودا ئەنجامبدرێت، ئەمەش بەهۆی ناڕوون مانەوەی هەڵوێستی سەدرەوە، چونکە لایەنە شیعەکان ناخوازن سەدر وەك رکابەرێکی سەرەکی لە دەرەوەی پرۆسەکە بمێنێتەوە، هەندێکیشیان بە [دەوڵەتی یاسای مالیکیشەوە]،

پێیانوایە سەرەنجام لەبەر خاتری سەدر هەڵبژاردنەکە دوادەخرێت بۆ بەهاری داهاتوو، بەتایبەت تائێستا هیچ ئاماژەیەك نییە کە سەدر ئامادەی بەشداریکردن بێت. ئەگەر هات و هەڵبژاردنیش بە بێ سەدر بەڕێوەچوو ئەوە بێگومان رکابەرە شیعەکانی بەرهەمەکەی دەچننەوە و، کورسی پارێزگا شیعەکان لەنێوان خۆیاندا دابەش دەکەن هاوشێوەی ئەوەی لە پەرلەمان بۆ 73 کورسییەکەی پەرلەمانتارانی ئەم رەوتە کردیان، بەمەش ئەم کابینەیە و ئەم خوولەی پرۆسەی سیاسی عێراق بە تەواوی دەبێتە کابینەیەك بۆ چوارچێوەی شیعی و رەنگە بەریەککەوتن و رکابەریی راستەقینەی هەردوولا دوابکەوێت بۆ هەڵبژاردنی گشتی داهاتوو.

لەو ماوەیەی سەدر لە پرۆسەی سیاسی دوورە، زیاتر وەك رێبەر و شەرعزانێکی شیعی دەردەکەوێت، ناو بەناو راڤەی قورئان و دەقەکان دەکات و ناوبەناویش داوای هەڵوێست لەسەر پرسە ئاینییەکان دەکات و هەموو چالاکی و دەرکەوتن و هەڵوێستەکانی خۆی لە بابەتە ئاینییەکانی پەیوەست بە دژایەتی هاوڕەگەزخوازی و بەرگری لە قورئان و زیندووکردنەوەی سرووتە شیعییەکانی موحەڕەمدا قەتیس کردووە. ئەگەر لەم ماوەیەشی کە تاڕادەیەك لە سیاسەت و حوکمڕانی دوورەپەرێزە چەند هەنگاو بچێتە پێش بۆ گەیشتن بە خەونی وەرگرتنی پلەی "مجتهد" و ببێتە مەرجەع بۆ رەوتەکەی، ئەوە بە ئاسانی دەتوانێت قەرەبووی زیان و لێکەوتە خراپەکانی کشانەوە لە پرۆسەی سیاسی بکاتەوە، چونکە کێشەی گەورە و هەنوکەیی رەوتی سەدر بۆشایی ئایینی و مەزهەبی و نەبوونی مەرجەعی تەقلیدە تا بەشداری لە پرۆسەی سیاسی بکات، بەتایبەت پاش کشانەوەی ئایەتوڵڵا حائیری لە فەتوادان و کاری مەرجەعییەت. ئەگەر سەدرییەکان لەم ماوەیە و لەم چاوەڕوانییەدا ئەو گرێ گەورەیە بکەنەوە، ئەوە هەر سوودمەندن و هەرکات بیانەوێت دەتوانن بە قەبارەی خۆیان بگەڕێنەوە بۆ پرۆسەی سیاسی و قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە لەوانەیە لە بایکۆتی هەڵبژاردن بیکەن.